# موزایەدە بە خوێنی سەردەشتەوە مەکەن !!!!



سەهین موفتی
Sahen_darush@yahoo.com

شـەهید کـردن و تـیرۆر کردنـی رۆژنامەنـووس و قوتابـی ( سەردەشـت عوسمان ) هەمـوو لایەکـی هەژاندو ناخی هەموومانی پڕ کرد لە داخ ، بۆیە پێویست ناکات هـیچ لایەنـێك و رێکخراوەیەکی سیاسی لەم هەرێمە دا موزایەدەمان لەسەر بکات و پەنجەی تاوانیش بۆ هیچ لایەنێك و کەسایەتییەك درێژ بکات .

ئەگـەر مەبەسـتتانە لاپەڕەکانـی مێژوو هەڵبدەنەوە ، ئەوا هیچ بەرپرسێکی ئەم هەرێمـە وەکو فریشـتە دەرناچێت و لـە دواجاردا تفی سـەر بـەرەو هـەوراز بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە !!!!

مـن پارتـی نـیم و بەرگـریش لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ناکـەم ، بـەڵام پێویسـتە ئـەوە بگووتـرێ پارتێك لە ساڵی چل و شەشەوە درووست کرابێت و بە ئامانجێکی بـزووتنەوەی رزگاریخوازی بـۆ ئـازاد کردنـی ئـەم هەرێمە بە هەردوو لایەنـی پۆزەتـیڤ و نێگەتیڤیـیەوە ، تـۆ بڵێـی بـە رۆژی روون و بەبەرچـاوی خەڵکیـیەوە و بـە فـاول دانێکی وەها ، هەرچی رابردووی خۆی هەیە بخاتە ژێر پرسیارەوە ؟

بەڵێ منـیش لەگـەڵ ئەوەدام حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش بـە بەرپرسـیار بـزانین ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت پەنجەی تۆمەت و پەنجەی تاوان بۆ کەسێك یا لایەنێکی دیاریکراو درێژ بکرێت .

بەڵێ بـۆ ئـازادی ، دیسان بەڵێ بۆ ئازادی رادەربڕین و بەڵێ بۆ مافی هاوڵاتیان و بەڵێ بـۆ هەمـوو دروشمـەکان ، بـەڵام نەخێـر بـۆ تاوانـبار کردنـی خـەڵك بـە بێ بەڵگە .

بەڵێ بۆ ریسواکردن و لە گۆرنانی تیرۆریستان و هەموو ئەوانەی دەخوازن ئاژاوە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا درووسـتبکەن و ئەوانـەی دەخـوازن دەنگـی ئـازادو سەربەخۆ بکوژن .

بـۆیە پێویسـتە تـاك بـە تاكـی هاولاتیانـی هەرێمـی کوردسـتان بـە شـێوەیەكی درووست مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوە بكەین و چاوەرێی ئەنجامی لێكۆڵینەوەكان بكەین ، چوون كێ نالێت دەستێكی دەرەكی لە دواوە نییە ؟؟!!

خۆ ئەگەر دەستێكی ناوەخۆ یا لایەنێكی سیاسیشی تیا بێت ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەكەونە ژێر رەحمەتی گەل !!!!!

چـوونكە هەرێمـی كوردسـتان لـە مـاوەی رابـردوودا چـەندین كۆمپانیـیای وەبەرهێـنان و بیانـی تـێدایە و چەندین خەڵكی بیانی بەمەبەستی جۆراو جۆر رۆژانـە سـەردانی هـەرێم دەكـەن ، كەوایـە تـیرۆر كردنـی سەردەشت عوسمانـی جوانەمەرگ كۆمەڵهای پرسیار دێنێتە ئاراوە .

بـۆیە پێویسـتە لـەم بارودۆخـەی ئێسـتادا هەمـوومان حەكیمانە بیر لەو رووداوە بكەیـنەوە ، مـن لـە وتـاری پێشـوومدا حكومەتی هەرێم و دەزگاكانی ئاسایشم بە بەرپرسـیاری یەكـەم لـە قەڵەمداوە ، كە ئەوان لەسەریانە ماف و ژیانی هاولاتیانی هەرێم بپارێزن و هەر ئەوانیش ئەنجامدەرانی ئەم رووداوە دەبێ ئاشكرا بكەن .

بـۆیە دەبـوایە رۆژنامەنووسـانی سـەربەخۆ ، داوای روونكردنەوەیان لە حكومەت كـردایە نەوەكـو بەتـەنها لـە پارتـێك چـوونكە لـەم حكومەتەدا چـەندین پارتـی دیكەش هاوبەشە .

سـەبارەت بـە تۆمەتـبار كردنـی دەزگاكانـی ئاسایشـی هەولێر ، ناكرێ ئێمە ئەوان تۆمەتـبار بكەین بەڵكو دەبێت بە بەرپرسیارییان بزانینن ، لە بیریشمان نەچێت ئـەو دەزگـا ئاسایشانەی هەولێـر هـەمان ئـەو دەزگـا ئاسایشـەیە كـە ماف و ژیانی پەرلەمانتارانـــی ئۆپۆزســـیۆنیش دەپارێـــزیت و بارەگاكانـــی ئۆپۆزســـیۆنیش دەپارێزیت .

لـە كۆتایـیدا دووبـارەی دەكەمـەوە بەڵـێ بـۆ كوردسـتانێكی ئـازادو دیموكـراس و ئازادی رادەربرین و نەفرەت لە تیرۆرو لەوانەی باری تەمو مژاوی دەخولقێنن .